
# بڕیار لە زەمەنی دەسەڵاتێکی کوردیدا؟

✍️ ئەحمەد حەمە عەزیز



بڕیار له زەمەنی دەسەڵاتێکی کوردیدا دەبێتە شووناسی شارێك. شەهید بڕیار، بە دەستی خۆفرۆشێکی خۆماڵی و فیشەکێکی بێگانە شەهید دەکرێ. کاتێك کە شار و نیشتمان لەناو ئازار و بێدادیدا غەرق دەبێ و نغرۆ دەکرێ، لەو کاتەدا کە تەرازووی دادپەروەری لاسەنگ دەبێت، ئەو کاتانەی دەستی فاقە دەخرێتە گەردنی گەنج و بێبەش دەکرێ لە داهات و لە سامانی ئەم وڵاتە، وەلائـ و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت دەبنە پێوانە و پێوەر، ئیتر بڕیار دەبێتە شووناسی شار و شەهید دەکرێ.

شار بەجارێ ماتەم دەبێ و ڕەش دەپۆشێ. لاشەی ساردی شەهید بڕیار بەناو دەسەڵاتی غەدردا بەڕێ دەکرێ. لەو کاتەدا ئەفسەرێکی دەمامکدار، سەرشۆڕ سەرشۆڕ تفەنگەکەی ئەمن دەکا و بەرەو خەجاڵەتخانەکەی هەنگاو دەنێ، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا و لە پێشتریش، ئەم حوکمی قەرەقووشە حاکمی ئەم وڵاتەیە و بڕیار دەدا شەلم، کوێرم، هیچ نابوێرم، بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، حوکمی یاسا لە خاچ دەدەن. ڕۆژێك کورت و ڕۆژێك درێژ، چۆنیان بوێت ماکیاژی دەکەن.

ئەمە هەرگیز بەم شێوەیە ناچێتە سەر، ڕۆژێك دادێ چۆڕاوگەی خوێنی بڕیار و خامەکەی دەستی سەردەشت و هەواڵنامەکەی سۆران و ڕۆژنامەکەی کاوە، لە یادی حەڤدەی شوباتدا لەبەردەم دادگای گەلدا ڕادەوەستێ، تا لاسەنگیی تەرازووەکە هاوسەنگ دەبێ و دەبنە عیبرەت.